# له لایەن دەوڵەتی سویدەوە مەحکومە بە مەرگ کرا...!!

**شێرزاد فاتح**

سوید 18-04-2007



ئەم بەیانیییە کە لەخەو هەستام، بینیم کە ژمارەیەکی نوێی ڕۆژنامەی "گەفلە داگ بلاد" مان بۆ هاتووە و لە جێگای پۆستەکەوە بۆیان هەڵداوینەتە ژوورەوە، یەکێك لە مانشێتە فەرعییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بەم بەیانی زووە سەرودڵی گرتم و نیگەرانی ودڵتەنگی دایگرتم. ناونیشانی مانشێتەکە بەم شێویەبوو" dömd till döden av Sverige" واتا لە لایەن سویدەوە مەحکوم بەمەرگ کرا ؟. دوای خوێندنەوەی ئەو سێ ووتارو بەدواداچوونەی کە لەم بارەوەو لەسەر وەزعی ئینسانێکی نەخۆشی بێچارەی وەك ئەحەمەد ئەمورا نوسرابوو، کە بەبێ چارەسەرودەرمانەکانی تەنانەت ناتوانێ یەك هەفتە بژی، بەپێویستم زانی کە لە لایەك بۆ بەرگریکردن لە ئەحەمەد و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئیدانە کردنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەناهەندە " Migrationsverket" لەم بارەوە شتێك بنوسم و ڕێکخراوە مرۆییەکانی لێئاگادار بکەمەوە.

ئەحەمەد بورا پەناهەندەیەکی سورییەو ماوەی چەند ساڵە لە سوید ئەژی و داوای ماڤ پەنابەرێتی لە حکومەتی سوید کردووە، ئەحەمەد نەخۆشی گورچیلەی هەیەو هەردوو گورچیلەی لە جێی نەبووانەو زۆر بەسستی کار دەکەن و توانای فڕێدانەدەرەوەی ئاوی کۆبووەوەی ناو گورچیلە و بۆری میزەڵانیان نەماوە، نەخۆشی گورچیلەکەی ئەحەمەد ئەوە نییە کە گورچیلەی بەردی هەبێت یان هەڵئاوسانێکی سوکی هەبێت، بەڵکو ئەو بە بێ وەرگرتنی ئەو چارەسەرەی کە بە سویدی پێی دەوترێت"Dialys" ناتوانێ بژی، ئەم جۆرە چارەسەرە ئەوەیە کە تەنها بەهۆی ئامێری تایبەتەوە دەتوانن ئاوو شلەی کۆبۆوەی ناو گورچیلەکان پاك بکرێتەوە و فڕێ بدرێتە دەرەوە. Eva Lindgren ئەو کەسەیە کە لە خەستەخانە چارەسەری ئەحەمەدی ئەکرد ئەڵێ" ئەگەر بێت و ئەحەمەد Dialysbehandling وەرنەگرێت ، ئەوا ئەو تورەکەیەی(جانتایەی) کە لە سنگیدایە بۆ چوار ڕۆژە و چەند ڕۆژ دوای ئەوە ئەحمەد ناتوانێ بژی و ئەمرێ".

ئەحمەد سەرباری ئەو نەخۆشییە سەختەی کە هەیەتی ، یەکێکیشە لەبەرهەلستکارانی حکومەتی سوریاو لە ڕیزی PLO دا چالاکە، هەموو لایەکیش دەزانین کە حکومەتی سوریاو وولاتانی عەرەب بەگشتی چەندە دکتاتۆرن لە دژی بەرهەڵستکارانیان، بۆیە ئێستا دەبێ لە زینداندا چی چاوەڕوانی ئەحمەد بکات.

ئەحمەد بۆماوەیەك لە شاری یاڤلە دەژی، پاشان دەچێتە شاری سوێدەرهامن و بەم هۆیەوە چارەسەری نەخۆشییەکەی ئەحمەد لە یاڤلەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ شاری بۆڵنێس. ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ئەحمەد ڕەفزی بۆ دێ، پۆلیس ئاگاداری ئەوە دەبن کە ئەحمەد ڕۆژی سێ شەممە چارەسەری هەیە لە خەستەخانە هەربۆیە لە دەروازەی شاری یاڤلە خاڵی پشکنین دادەنێن و ئەحەمەد دەستگیر دەکەن، بەبێ ئەوەی کە ڕێگەی بدەن بچێتەماڵەوەو شتە تایبەتییەکانی لەگەڵ خۆی بهێنێ تەنانەت بێ ئەوەی ڕێگەی بدەن دەرمان و دەواکانیشی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. پۆلیسی سویدی یەکسەر ئەحمەد دەبەن بۆ میگراشونس ڤێرکت (دائیرەی هیجرە) لە ماشتا، لەوێشەوە بۆ سبەینێ زوو دەیبەن بۆ فڕۆکەخانەو دەینێرنەوە بۆ سوریا.

لە هەمووش سەیر تر قسەی بەرپرسی پۆلیسی سوید _ شاری یاڤلەیە لەم بارەوە و لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی GD داو سەبارەت بە ناردنەوەی ئەحمەد دەپرسیٚ و دەڵیٚ چۆن کەسێکی ئاوا نەخۆش کە باری تەندروستی زۆر خەتەرە ، هەر یەکسەر دوای وەرگرتنی ئەو چارەسەرە گرتان و ناردتانەوە، ڤیلە ئەفلارێنکۆ دەڵیٚ( پێش ئەوەی من لەگەڵیدا بڕۆم بۆ سوریا پرسیارمان لە دکتۆرەکەی پێشووی کرد و ئەو بۆی ئەیە سواری فڕۆکە بێت و زۆر کێشە نابێت، من وای نابینم کە پێویست بە ڕەخنەگرتن بکات). بێگومان کاتێك کە نەخۆش ئەم جۆرە چارەسەر کردنە وەردەگرێت ،وەك ئەوە وایە سوکە نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا بێت ئەوەندە ماندوو دەبێت و ئازاری دەبێت، بۆیە نەخۆشەکە پێویستی بەوە هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر باش دانیٚشیٚت و پشو بدات پێش ئەوەی بجوڵێت. کەچی لەم بارەوە بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێت" ئاخر ئەو لە سەیارەکەدا بۆخۆی دانیشت و پشوی دا پێش ئەوەی بگەینە ماشتا..!!" بە ڕاستی هەستێکی بەردینە ، دڵێکی ڕەقەو بیرێکی نامرۆڤانەیە کاتێك مرۆڤ گوێی لەم جۆرە ووشە دژی ئینسانیانە دەبێت لە دەمی بەڕێوەبەری پۆلیسەوە.

شایانی باسە ئەم کردارە نامرۆییەی پۆلیسی سویدی بووە جێگەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی زۆرێك لە خەڵکی ، یەکێك لەوانەی کە لە نزیکەوە ئەحمەدی دەناسی برادەرێکی من بەناوی Alla Andersson ئوللا ئەندێش سۆن، ئوللا کە ئەندام پەرلەمانێکی سویدە لەسەر لیستی حیزبی چەپ ، لەم بارەوە دەڵیٚ " بە بیستنی هەواڵی دەسگیر کردن و ناردنەوەی ئەحمەد زۆر نیگەران بووم ، بەتایبەت من یەکێکم لەوانەی کەساڵهایە لە پێناوی مانەوەی ئەحەمەد لە سوید لەهەوڵ خەبات دابووم و کارم بۆ کردووە، بانگەوازم بڵاو کردۆتەوەو ئیمزام بۆ کۆ کۆدۆتەوە بۆ وەرگرتنی ماف پەنابەرێتی بۆی، هەروەها ووتی سیستەمی پەنابەری سوید هەڵەیەو لەم بارەوە یاسای سوید پێویستی بەدەستکاری کردن و گۆڕانکاری هەیەو دەبێت جاڕنامەی جیهانی جنێڤ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە یاسادا جێگیر بکرێت، هەر ئەمڕۆش پەیوەندی دەکەم بەسەفارەتی سویدەوە لە سوریا بۆ پارستنی سلامەتی گیانی ئەحمەد، بۆ ئەوەی کە خزمەت بکرێت و لە زیندان ئازاد بکرێت".

شایانی باسە ئەمیر ئەمورا ئامۆزای ئەحمەد کە دانیشتوی شاری "ڤێستەرۆس"ە ووتی هەر بەگەیشتنەوەی ئەحمەد بۆ سوریا یەکسەر لە لایەن پۆلیسی سورییەوە دەستگیر کراوەو خراوەتە زیندانەوە. هەرلەم بارەوە مەحامییەکەی ئەحمەد کە ناوی (تریگە ئێستەدت) وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی دەڵیٚ من لە هەوڵی ئەوە دابووم کە بەرگری لە ئەحمەد بکەم و دووبارە دوای ماف پەنابەری بۆ بکەمەوە، کەچی ئەحمەد لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

لێرەدا ئەوەی کە ماوە بیڵێم ئەوەیە کە ، ناردنەوەی ئەحمەد لە درێژەی ئەو سیاسەتە نا مرۆڤانەیەدایە کە حکومەتی سویدی دەستی داوەتیٚ بۆ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران، ئەوانەی کە بۆ ماوەی یەك ساڵ ئیقمەیان وەرگرت و بۆیان تازە نەکرایەوە یان ئەوانەی کە هەر بیٚ ئیقامەن، چ ئەوانەی لە وولاتانی جۆراو جۆری دنیاوە هاتوون و، چ ئەوانەش کە خەڵکی عێراقن، وە دەنگ هەیە کە نزیکەی 1400 پەنابەری عێراقی کە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی شارەکانی کوردستانن بەزۆر بنێردرێنەوە کە بەشێکی ئەمانەش قوربانی بەیت و بالۆرەی ڕیکلامی دیموکراسی ، ماف مرۆڤ و ئارامی ناوچەکانی کوردستانن لە ڕێگەی حیزبەدەسەڵاتدارەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەك ئەو گرێبەستە نهێنییەی حکومەتی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا لەبەرامبەر پەنابەراندا کردیان و دەیان پەنابەریان بەدەست بەسەری و بە فڕۆکەی سەربازی ڕەوانەی کوردستان کردەوە.

بەڵام بۆ ئەحمەد ئەمورای نەخۆش ئەم کێشەیە چەند بار سەخت و سیاسەتێکی نامرۆیی بوو، لە خەستەخانەوە بۆ زیندان. بۆیە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە لە ڕێکخراوەکانی پەنابەران و فیدراسیۆنی پەنابەران وهەموو ئازادی خوازێك دەخوازیٚ ، کە لەسەری وەدەنگ بێن و بکەونە خۆیان بۆ ڕاگەیاندنی کەمپەینێك لە دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران و داوای دانی ماف پەنابەرێتی بۆ پەنابەران بکەن.